# کۆمەڵگـــای ژنکـــوژ

**بەشی دووەم و کۆتایی**

جۆری سێیەم: دۆرکهایم ناوی دەنێت خۆکوشتنی ئەنۆمیك، ئەم جۆرە لەو دۆخەدا ڕوودەدات کە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرانین، کاتێك کە ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان شکست دەخۆنو تاکە کەس نازانێت چۆن ڕەفتار بکات. ئەم جۆرەی خۆکوشتن زۆرتر ئەو کاتانە ڕوودەدەن کە گۆڕانکارییەکی گەورەو لەناکاوی کۆمەڵایەتی لەگۆڕێیە، بۆ نمونە ئەو هەلومەرجو گۆڕانە لەناکاوانەی کوردستان نمونەیەکی باشن بۆ لێکۆڵینەوە لەم ڕووەوە. لە کوردستان ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان وەك جاران ئاشکرا نین، ژنانیش نازانن چۆن لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەدا ڕەفتار بکەن، بەبێ ئەوەی ژیانیان بکەوێتە بەردەم مەترسییەوە، لەبەر ئەوە وەك دەبینین ڕێژەی خۆکوشتنی ژنان زیادی کردووە نەك کەم، بێگومان لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە دۆرکهایم خۆکوشتن بەشێوەیەکی گشتی بەکار دەبات، واتا لەسەر بنەمای دابەشبوونی جێندەر قسە ناکات، هاوکات ئەگەر ئەم دیدەی دۆرکهایم دروست بێت، دەبێت ڕێژەی خۆکوشتن لەناو پیاویشدا زیادبکات، سەرەڕای ئەم ڕەخنەیە کە دەکرێت ئاڕاستەی ئەم ڕاڤەکردنەی ئێمە بکرێت بۆ دیدەکەی دۆرکهایم، گرنگە ئەوە بزانین ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی ڕوودەدەن لەبەرژەوەندی جێندەری باڵادەستن، ئەمەش دەبێتە هۆی نوێکردنەوەی کۆتوبەندەکانی ژنان لەفۆرمو شێوەی مۆدێرنترو کاریگەرتردا، بۆ نمونە ئەمڕۆ پیاوی کورد، بەتایبەتی ئەوانەی کە هەموو بەهایەکیان خستۆتە ژێر پێوەو سەرقاڵی کۆکردنەوەی سامانن. دەرپێکانیان داوە بەشانیاندا، بەڵام هاوکات چاوەڕوانی ئەوە لەژنەکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆیان دەکەن، کە هەمان کار نەکەن، چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکەن لەبەرامبەر قوفڵ لەدەرپێکانی خۆیان بدەن، پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن دەکرێت ئێمە هەموومان بمانەوێت تا دوا ئەندازە ئارەزووەکانی خۆمان تێر بکەین، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە لەژنان بکەین کە بەپێی ئەو ڕێسا کۆمەڵایەتیانە ڕەفتار بکەن، کە خۆمان ڕەتیان دەکەینەوەو یان لانی کەم پێشێلیان دەکەین؟ ئەمە ئەو دۆخەیە کە ژنی کورد تێیدا بارگاویکراوە بەکۆی بەرپرسیارێتییەکان، ژنی کورد دەبێتە بابەتی سێکس بۆ پیاو، پاش بوونی بەبابەتی سێکس بۆ پیاو، ژنی کورد دەبێتە قوربانی دەستی پیاو، ئەمەش هۆکاری دروستبوونی نابەرابەرییەکی سەرسوڕهێنەرە لەنێوان ژمارەی ئەو ژنانەی خۆیان دەکوژن لەگەڵ ئەو پیاوانەی خۆیان دەکوژن، دیارە مەبەستمان لە خۆکوشتن ئەو جۆرەیە کە باسمانکرد واتا خۆکوشتنی ئەنۆمیك. جۆری چوارەمی خۆکوشتن، بەبڕوای درۆکهایم لەو کاتانەدا ڕوودەدات کە بەپێچەوانەوەی ئەوەی کە ڕێسا کۆمەڵایەتیەکان نائاشکرابن، ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاشکراو زۆر بە توندی پەیڕەودەکرێن. بۆ نموونە خۆکوشتنی ژنێکی هیندی لە کاتی سوتاندنی مێردە کۆچکردووەکەیدا. کاتێك ئەم ژنانە خۆیان دەدەن بەسەر تەرمی ئاگرگرتووی مێردە کۆچکردووەکانیاندا، ناچار دەکرێن ئەم کارە بکەن، چونکە دەزانن ژیان بەسەربردن وەك "بێوەژن" لەناو کۆمەڵگەدا چۆنە. هاوشێوەش ژنی کورد لەڕێگای خۆسوتاندنەوە دەیەوێت کۆتایی بەو نەهامەتییانە بهێنێت کە پیاوێك یان چەند پیاوێك بگرە کۆی کۆمەڵگا بەرپرسن لەبەردەوامبوونی، یان دەخوازێت خۆی لەو بەدبەختیانە ڕزگاربکات کە دڵنیایە لە داهاتوودا چاوەڕوانی دەکەن. ئەم جۆرەی چوارەمی خۆکوشتن، ڕێك پێچەوانەی ئاستەکەی دیکەیە، بەو پێیەی کە نۆرمو ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان نەشێواون بەڵکو ئاشکراو کاران. دۆرکهایم ئەم ئاستە ناودەنێت خۆکوشتنی یەکلاکەرەوە ( Fatalistic suicide).

کەواتە دەکرێت خۆسوتاندنی ژنانی کورد، بەپێی ئەم دوو جۆرەی دواتری (واتا سێیەمو چوارەم) درۆکهایم ڕاڤەبکەین. چونکە کاتێك ژن لە ناسنامەی خۆی، واتا لە ژنبوونی، بەتاڵدەکرێتەوەو کورت دەکرێتەوە بۆ بابەتی سێکسێکی ئاژەڵیانە، سێکسێك کە خودی ژن لە کەسەوە دەگۆڕێت بۆ بابەت، هیچ گوتنێکی نابێت لەو کردە ئاژەڵییەدا. دابەزاندنی ژن بۆ ئەم ئاستە هاوشانە لەگەڵ سەندنەوەی مافی بڕیاردان لە ئایندەی خۆی وەك مرۆڤ، واتا ئۆتۆنۆمی ژن تاڵان دەکرێتو ئێمە بڕیار لە ژیانی دەدەین، بڕیار دەدەین چی لەبەربکات، چی بخوات، چۆنو کەیو بەکێ شووبکات، لەگەڵ هەموو ئەو بڕیارانەی هەر تاکەکەسێك دەخوازێت بیدات. تاڵانکردنی ژن لە ئۆتۆنۆمی دەرئەنجامەکەی نامۆبوونو سەرلێشێوانێکی کۆمەڵایەتییە، هەندێك جاریش تاکە ڕێگەچارە، کۆتاییهێنانە بە خودی ژیان.

بەڵام لەوانەیە لێرەدا ئەو پرسیارە کۆنە سواوە بهێنرێتە پێشەوە، کە ئەو مەرجەی ئێمە باسی دەکەین بۆ کۆی مرۆڤی کورد دروستە. ئەم تێڕامانە ئەگەرچی هەڵگری شتێکە لە دروستی، بەڵام کورتبینە. چونکە سەرەڕای ئەم دیاردەیە، ژنی کورد گیرۆدەی ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەیە کە دەشێت پیاو یان گیرۆدەی نەبێت، یان ئاسان بتوانێت خۆی لە دەستیان ڕزگاربکات. هاوکات پیاو لانیکەم لە ئاستی کۆمەڵایەتییدا خاوەنی ئیرادەی بڕیاردانو هەڵبژاردنە، لەکاتێکدا ئەم ئیرادەی بڕیاردانو هەڵبژاردنەی ژنی کوردیش لەلایەن پیاوەوە دەستی بەسەرداگیراوەو ژنی تووشی نامۆبوون کردووە. نامۆبوونێك کە هەندێك جار پەنادەباتە بەر یاخیبوونێکی ڕەوا لەم ڕووتکردنەوەیە لە ئیرادەو مرۆڤبوون، واتا بە کۆیلەکردن، یان کۆتایی بە تەمەنی پڕ لە مەینەتیی ڕۆحو جەستە کۆیلەکراوەکەی دەهێنێت. کارەسات لەوەدایە ئەم دوو هەوڵە ژن ڕووبەڕوی هەمان دەرئەنجام دەکەنەوە کە مەرگە. چونکە کاردانەوەی کۆمەڵگا لە هەر یاخیبوونێکی ڕەوای ژن، کوشتنێکی ناڕەوایە، یان ناچارکردنییەتی بە خۆسوتاندن.

لە خوارەوە سەرنج دەدەین لەوەی کە کام دەمەزراوە کۆمەڵایەتییە لە هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کاراتر هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی ئەو نۆرمانە دەدات کە لە پشت ڕەشەکوژی ژنانەوە کاران؟ کام دامەزراوە زیاد لە هەموو دامەزراوەکانی دیکە شەرعیەتێکی ئایدۆلۆجیانە بۆ نەهامەتییەکانی ژنانو پاشان پەردەپۆشێك بۆ خۆسووتاندنیان فەراهەم دەکات؟ ئایین. بەڵێ ئایین ئەو دامەزراوەیە کە کاراتر لە هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ئەم ڕۆڵە ئایدۆلۆجییە دەبینێت.



ڕۆڵی ئایدۆلۆجیانەی ئایین

ماکس ڤەیبەر، لە بەناوبانگترین بەرهەمیدا باس لە گرنگی ڕۆڵی ئایین دەکات لە گۆڕان، یان ڕێگرتن لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا. ڤەیبەر لە "ئیتیکی پرۆتستانیزمو ڕۆحی سەرمایەداری" دا، پرۆتستانیزم (کالڤینیزم بە دیاریکراوی)، وەك پێشمەرجی ئایدۆلۆجی کاپیتالیزم دەناسێنێت. پرۆتستانیزم لە ڕێگای ناوازەییەکەیەوە ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی مۆدێکی نوێی ئابوری خۆش دەکات، کە بریتییە لە کاپیتالیزم (سەرمایەداری). پرۆتستانتیزم، جیاواز لە کاسۆلیسیزم، مرۆڤ دەخاتە نێو تەنهاییەکەوە کە بەدرێژایی ژیانی هیچ ڕێگەچارەیەکی نییە جگە لە کاری خۆبەخشانە لە پێناو ڕازیکردنی خودادا، ئەمەش بە بڕوای ڤەیبەر، هۆکاری چالاکبوونو خۆماندوکردنی پرتستانتەکانە. ئەو هەستی تەنهاییو بێدەرەتانییە جۆرێك لە حیرمان ( ( Ascetic بەرهەم دەهێنێت، کە لەدواجاردا دەبێتە هاندەر بۆ بەرهەمهێنانو هەوڵدانی نەپساوە بۆ ڕازیکردنی خودا. ئەم حیرمانە جۆرە ئیتیکێکە ( ( Ethicکەبە بڕوای ڤەیبەر دەبێتە خۆراك بۆ ڕۆحی سەرمایەداری. دیسان لێرەدا گرنگ نییە تاچەند ڤەیبەر دروستە لەم تێڕامانەدا، بەڵکو ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەو دیدە دروستەی ڤەیبەرە کە دەڵێت: ئایین وەك دامەزراوەیەکی کۆمەلایەتی پێشمەرجو پاڵپشتیی ئایدۆلۆجی بۆ چەندین دیاردەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی دابین دەکات. لێرەدا دەتوانین بڵێن، کە ئایین لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەمان ئەو پێشمەرجە ئایدۆلۆجییەیە کە لەپشت کوشتاری ژنانەوە ڕاوەستاوە.ئایین هاوکات ڕاگرو پارێزەری ئەو نۆرمانەیە کەبەرهەمهێنی ئەم دیاردە سامناکەن، مەرج نیە ئایین بەرهەمهێنیان بێت، بەڵام دواجار ئایینو پیاوانی ئاینی کاراترین ڕۆڵیان هەیە لە پاراستنی ئەو کۆدە کۆمەلایەتییانەدا کە ژنان ناچار بە خۆسوتاندن دەکەن.

پرسیاری گرنگو قەیراناوی لێرەدا کەبەر لەکردنی ماکس ڤەیبەر خۆی وەلامی دەداتەوە ئەوەیە: ئایینی ئیسلامیش هاوشێوەی پرۆتستانتیزم پاش کەوتەکانی توشی هەمان حیرمان دەکات کە ئاماژەمان پێدا، ئەدی بۆ ئیسلام نەبۆتە هۆکاری پێش مەرج بۆ گۆڕانی گەورەی وەك گواستنەوە لە فیودالیزمەوە بۆ سەرمایەدای؟ وەلامی ڤەیبەر ئەوەیە کە ئیسلام کۆی توانستی پاشکەوتەکانی، کەلەهەمان حیرماندا دەژین کە پرۆتستانتەکان تێیدا دەژین، ئاراستەی " جیهاد" دەکات. جیهاد وەك بەشێك لە بەئیسلامکردنی کۆی کۆملگاکانی جیهان. وەك ووتمان پرسیارەکە زۆر لەوە قەیراوانی ترە ئەم وتارە لە توانایدا هەبێت وەڵامێکی کۆنکرێتی بداتەوە. بگرە ئەو وەڵامە کۆنکرێتیە لەوانەیە بوونی نەبێت! لەبەر ئەوە دەگەڕێینەوە بۆ ڕۆڵی ئایین لە فەراهەمکردنی پاشخانێکی ئایدۆلۆجی بۆ ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتییانەی کە بەرهەمهێنو برەوپێدەری دیاردەی خۆسووتاندنی ژنانن.

دەبێت دووبارە جەخت لەوە بکەینەوە کە مەرج نییە ئایین ڕاستەوخۆ بەرهەمهێنی دیاردەکانی کوشتنی ژنانو خۆسووتاندنی ژنان بێت، بەڵام ناڕاستەوخۆ، وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر بەهێز، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە لە مانەوەی ئەو دیاردەیەدا بەو بەربڵاوییەی کە ئێستا هەیە. ئایین نەك بە تەنها ڕۆڵێکی لاوەکیو دووەمی (( secondaryبە ژن دەبەخشێت لە ڕێساکانی خۆیدا، بەڵکو شەرعیەتیش بە کۆی ئەوکۆتە کۆمەڵایەتییانە دەدات کە بەرهمهێنی خۆسووتاندنی ژنانن. ژن خۆی دەسووتێنێت تا لەو پێگە لاوەکیە دەربازی ببێت کە ئایین پێی بەخشیوەو کۆمەڵگاش تا ئەندازەی توندوتیژییەکی سەرسوڕهێنەر ئەو پێگە لاوەکییە نزمتر دەکاتەوە. ئەگەر لە ئایینی ئیسلامدا دوو ژن یەکسان بن بە یەك پیاو، ئەوا لە کۆمەڵگای کوردیدا چوار ژن یەکسانن بە یەك پیاو. مەبەستمانە بڵێین زیادەڕەوییکردن لە ڕۆڵی نێگەتیڤی ئایین زادەی تێنەگەیشتنە لە کۆمەڵگاو ئایین وەك تەنها دامەزراوەیەك لەو کۆمەڵگایە. ئایین لە ڕێگەی پیاوکانیەوە، کە دواجار زیاتر پەروەردەی کۆمەڵگان وەك لە ئایین، شەرعیەت بۆ ئەو دیاردەیە دەدۆزێتەوە، کە بەبۆچوونی پیاوەکانی ئایین بەرەنگاربوونەوەی خود بە خود بەرنگاربوونەوەی کۆی بنەماکانی ئایینە. بەڵام لە ڕاستیدا وانییە.

ئایین ئەگەر ڕۆڵی خۆی لە مەسەلەی خۆسووتاندنی ژناندا لە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی ئەکتیڤەوە بگۆڕێت بۆ ڕۆڵێکی پاسیڤ، هەم ئەرکی کۆمەڵگا سووك دەکات لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە، هەم کۆی ئەو تۆمەتانەش پووچەڵدەکاتەوە کە ئاراستەی ئایین دەکرێن. کەواتە بەر لە هەموومان پیاوانی ئایین پێویستیان بە بەخۆداچوونەوەو ئاشنابوونە بەو ڕۆڵە نێگەتیڤەی بەناوی ئایینەوە دەیگێڕن!

بەڵام بارەکە لای ئێمە بەشێوەیەکی زۆر سامناك کەوتۆتەوە. پیاوانی ئایین کۆی زانیاریو پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان بەکاردەهێنن بۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەو دابونەریتانەی کە ژنان ناچار بە خۆکوشتن دەکەن. پیاوانی ئایین بە ئەندازەیەکی سامناك ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییەیانەیان لە واتا کۆمەڵایەتییەکەی بەتاڵکردۆتەوەو کردوویان بە دیاردەیەکی ئایینی کە قسەکردن لەسەری دژایەتیکردنی ئایینە، یان وەك دەڵێن بانگەشەکردنە بۆ بەرقەراربوونی "بەرەڵایی" لە کۆمەڵگادا. دەرهێنانی دیاردەیەك لە ناوکۆییە کۆمەڵایەتییەکەیو بارگاویکردنی بە ئاستە پیرۆزەکانی ئایین، دەرئەنجامەکەی ناچاربوونی پیاوانی ئایینە بۆ دۆزینەوەی شەرعیەت بۆ ئەو دیاردەیە. دۆزینەوەی شەرعیەتیش لە چەندین فۆرمو شێوەی جیاوازدا دەبێت. دەشێت هەڵبژاردنی بێدەنگی بێت لەسەر دیاردەکە، یان ناچارکردنی خەڵك بێت بە بێدەنگیی، یان پشتگوێخستنی کێشەکە بێتو ناساندنی بێت وەك کێشەیەکی لاوەکی تایبەت بە ڕەگەزێکی لاوەکی.

## کۆتایی

لە کۆتاییدا، ئێمە لێرەدا خۆمان پەرێزی دۆزێکی زۆر ترسناکو ئاڵۆزدا، کە دەکرێتو پێویستە بەدەیان کتێبی لەسەر بنوسرێتو کۆی ڕەهەندەکانی شرۆڤە بکرێت. ئومێدی ئێمە زەقکردنەوەی کێشەیەکە نەك هەڵوێست وەرگرتن، گوێزانەوەی ئەم گفتوگۆیە لە پلاتفۆرمی کۆمەڵێك بەناو فیمینیستو پیاوی شەرمنو ماستاوچییەوە بۆ پلاتفۆرمێکی فراوانتر کە کۆی توێژەکانی کۆمەڵگە گوتنی خۆیان هەبێت. خۆسووتاندنی ژنان کێشەیەکی تاك کەسی نییە، هاوکاتیش کێشەیەکی جێندەری نییە، بەڵکو کێشەی کۆی کۆمەڵگایە. ئەم کێشەیە وەك مۆرێکی شەرمە بە ناوچەوانی هەموومانەوە، پێمان خۆش بێت یان نا، هەموومان لەم میراتی شەرمەدا "برابەشین"، وەك چۆن یاساکانی میراتی ئیسلامی دەڵێت دوو خوشك ئەوەندەی برایەکیان بەردەکەوێت، لە بەشکردنی ئەم شەرمەشدا نابێت لە یاساکانی ئیسلام دەربچین ( دەنا ........). واتا هەموو یەکێك لە ئێمە ئەوەندەی خوشکە قوربانییەکانمان شەرمەزارین. ئەمە هەڵوێست نییە، بەڵکو قسەکردنە لەسەر حەقیقەتێکی تاڵی کۆمەڵگاکەمان، خۆدزینەوەش لەم حەقیقەتە ڕووی کەسمان سپی ناکاتەوە، ئەگەر ڕەشتری دانەگەڕێنێت. ئەوەی لە کۆتاییدا گرنگە جەختی لێبکەینەوە، دروستکردنی هەلومەجێکی بەرفراوانە بۆ سەرەتای گفتوگۆیەك کەدەشێت کۆتاییەکی بنبڕ بۆ ئەم دیاردەیە دانەنێت، بەڵام لانیکەم بەرپرسیارێتییەکانو ئەرکەکان دیاری دەکرێنو قسەکردنو کاردانەوە لەبەرامبەر ئەم دیاردە سامناکە درێژەی دەبێت. ئەگەر ئێمە شکستمان خوارد لەوەی کە دابونەریتە داڕزیوەکانی نەوەکانی بەر لە خۆمان بەرهەمنەهێنینەوە، ڕەوایەو ئەرکی سەرشانمانە زەمینەی گۆڕان بۆ نەوەکانی دوای خۆمان جێبکەین.

**بەختیار کەریم**